ژمارە: ٤٥١٥ / ك
رێکەوت: / / ٢٧ کوردی

(ISO9001:2015)

العدد:
التأريخ: ٢٠ / ٦٨ / ٢٠٢

ڕێنمایی ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠٢٦

هەمواری یەکەمی ڕێنمایی مەرجەکانی سەلامەتی و تۆمارکردنی ئۆتۆمبێلی هاوەردەکراو لە هەرێمی کوردستان ژمارە (١٤)ی ساڵی ٢٠٢٥

پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و دوابەدوای ڕێنماییمان ژمارە (١٤)ی ساڵی ٢٠٢٥ تایبەت بە مەرجەکانی سەلامەتی و تۆمارکردنی ئۆتۆمبێلی هاوەردەکراو لە هەرێمی کوردستان و لەبەر بارودۆخی ئاڵۆزی ناوچەکە و کاریگەری ڕاستەوخۆی نەرێنی لەسەر جوڵەی بازرگانیی نێودەوڵەتی و لەبەر بەرژەوەندی گشتی:

بڕیامانداوە بە دەرچوواندنی ئەم هەمواڕە ڕێنماییە:

ماددەی یەکەم:

هەموار کردنەوەی خاڵی ٢ لە برگەی یەکەم لە ماددەی نۆیەم لە ڕێنمایی سەرەوە و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

٢- خاڵی (١)ی سەرەوە لە ڕێکەوتی (٢٠٢٧/٩/١)ـەوە جێبەجێ دەکرێت.

ماددەی دووەم:

ئەم ڕێنماییە لە ڕۆژی دەرچوونی کاری پێدەکرێت و لە ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان بڵاودەکرێتەوە.

ڕێبەر نەحمەد
وەزیری ناوخۆ

وێنەیەک بۆ:-
- نووسینگەی جەنابی وەزیر/ بۆ زانین لەگەڵ ڕێزدا
- وەزارەتی دارایی ونابووری /بەڕێوبەرایەتی گشتی دیوان/ بۆ زانین و کاری پێویست لەگەڵ ڕێزدا.
- وەزارەتی دارایی و نابووری /بەڕێوبەرایەتی گشتی گومرگ/ **(سەبارەت بە جێبەجێ کردنی ماددەی یەکەمی سەرەوە تەنها بۆ ئەم ساڵ مۆدیلی ئۆتۆمبێلی هاوردەکراو تاکو ڕێکەوتی ٢٠٢٦/١١/١)** دەبێت بەرموون بۆ زانین و کاری پێویست لەگەڵ ڕێزدا.
- وەزارەتی داد/ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان بۆ بڵاوکردنەوەی تکایە لەگەڵ ڕێزدا.
- نووسینگەی بەڕێز بریکاری وەزارەت/ بۆ زانین لەگەڵ ڕێزدا
- بەڕێز ڕاوێژکاری یاسایی/ بۆ زانین لەگەڵ ڕێزدا
- نووسینگەی بەڕێز بەڕێوەبەری گشتی دیوان/ بۆ زانین لەگەڵ ڕێزدا
- بەڕێوبەرایەتی گشتی هاتووچۆ/ **(سەبارەت بە جێبەجێ کردنی ماددەی یەکەمی سەرەوە تەنها بۆ ئەم ساڵ مۆدیلی ئۆتۆمبێلی هاوردەکراو تاکو ڕێکەوتی ٢٠٢٦/١١/١)** دەبێت بۆ کاری پێویست لەگەڵ ڕێزدا .
- فەرمانگەی یاسایی /ب.کۆمپانیا نەمنییەکان و مۆڵەت پێدان
- بەڕێوبەرایەتی ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکان.
- پلاندانان/ هەماهەنگی و بەدواداچوون/ خولاو